پەیامی قیبلە



# پیاوێك لە دڵی ناوچەکەیدا

# ئەحمەد هۆرێنی

## پەیامی خەبات و تێکۆشان

د.عومەر عەلی

٢٠١٨

زنجیرەی

١٤

زنجیره (١٤)

# ئەحمەد هۆرێنی،
# پیاوێک لە دڵی ناوچەکەیدا

## پەیامی خەبات و تێکۆشان

د. عومەر عەلی
خاوەنی پرۆژەی قیبلە[1]
٢٠١٨

١ https://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=1&q=20091004163820206

پەیامی قیبلە
ڕۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

ناوی کتێب: پەیامی خەبات و تێکۆشان
نوسەر: عومەر عەلی
دیزاینی ناوەوەو بەرگ: توانا ئەحمەد
چاپخانە:
تیراژ:
نرخ:

ژمارە ( )ی ساڵی ( )ی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم



# پرسەنامەی مەكتەبی سیاسی بۆ كۆچی دوایی ئەحمەد هۆرێنی


بەبۆنەی كۆچی دوایی كەسایەتی كۆمەڵایەتی و تێكۆشەری دێرین ئەحمەد هۆرێنی باوكی شەهید بابان، مەكتەبی سیاسیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان پرسنامەیەك ئاراستەی كەسوكاری كۆچكردوو دەكات.


**دەقی پرسنامەکە...**


**بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی کۆمەڵایەتی و تێکۆشەری دێرین (ئەحمەد محمد عبدالرحمن) ناسراو بە(ئەحمەد هۆرێنی) باوکی شەهید (بابان)مان پێگەیشت.**
**بەم بۆنە خەمناکەوە پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی کەسوکارو بنەماڵە تێکۆشەرەکەیان دەکەین، کە لەڕێگەی رزگاری کوردو کوردستاندا پۆلێك شەهیدیان بەخشیوەو هەمیشە لەڕیزی پێشەوەی قوربانیدان بوون.**
**هیوادارین ئەمە دوا ناخۆشییان بێت و رۆحی کۆچکردووش بۆ هەمیشە شاد بێت.**

**راگەیاندنی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ك[1]**
**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

1 http://www.pukm3.com/index.php/201745_08_16_21_03_2017_623/01_23_15_21_03_





بۆ بنەماڵەی مام ئەحمەد هۆرێنی

پرسەنامە

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی مام ئەحمەدی بەڕێزمان پێگەیشت. بە ناوی خۆم و هەموو هەڤاڵانی کۆنسەی سەرۆکایەتی (کەجەکە)وە پرسەو سەرەخشی خۆمانتان بێ ڕادەگەیەنین و بەشداری خەم و پەژارەتان دەکەین و بەهیواین پەروەردگار سەبووری هەموو لایەکمان بدات و گیانی مام ئەحمەدیش شاد بێت.
بێگومان لەدەستدانی مام ئەحمەد خەسارێکی گەورەیە بۆ گەلەکەمان، چونکە مام ئەحمەد گەوهەرێکی کۆمەڵگای کورد و نمونەی تێکۆشەرێکی ماندوو نەناس بوو. ئێمە قەت ئەوەمان لە بیر ناچێتەوە کە لەساڵی 2007 دا تورکیا هەڕەشەی لە پەکەکەو باشوور دەکرد، مام ئەحمەد هەرچەندە تەمەنێکی زۆری هەبوو ئامادەیی خۆی نیشان دەدا بۆ ئەوەی بەشداری بەرەی شەڕو بەرەنگار بکات.

ئێمە وەکو کەجەکە پەیمان دەدەین بە مام ئەحمەد و هەموو دڵسۆزانی هاوشێوەی مام ئەحمەد کە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانیاندا هەتا دوایی تێکۆشان بکەین و ئێمە دڵنیاین کە سەردەکەوین.

دووبارە سڵاوو ڕێزمان قەبوول بفەرموون.

دیار غەریب

ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی گشتی کەجەکە

2017.3.22

# هەندێك لە یادەوەریەكانی باپیرم ئەحمەد هۆرێنی



ئەحمەد هۆرێنی وتی: مەلا عومەر بمبە بۆ عەربەت بۆ لای فایەقە ڕەش، وتم باوا فایەقە ڕەش كێیە؟ وتی ٣٤ ساڵ پێش ئێستە لە ئێران پێكەوەبووین! وتم ٣٤ ساڵ زۆرە كێ دەڵێ ئێستە ماوە؟ وتی: ئەگەر بمردایە دەمبیست كەواتە ماوە! وتم كێ دەڵێ لە عەربەت ماون ٣٤ ساڵ تەمەنێكەو هەتا من لە دایك نەبووم ئەوكاتە! وتی: ئەو پیاوێكی فەقیرەو فەقیریش هەر لە جێگەی خۆی دادەنیشێت! ئەوە دەوڵەمەندە هەرڕۆژەو لە جێگەیەكە!

وتم ئەی ماڵیان چۆن دەدۆزینەوە؟ وتی ئاسانە دەچینە ناو بازاڕو لای مزگەوتەكەی مەلا ڕەشید بە كەسێك دەڵێین ماڵیانمان نیشان بدات.

بەڕێكەوتین و ڕۆژشتینە بازاڕو پرسیارمان كرد، كابرایەك وتی واو وا بڕۆن دەچنە ماڵیان، باوام وتی ئێمە ئەمەو ئەوە نازانین لەگەڵمان سەركەوە

بمانبەرە بەر ماڵیان و تەواو! کابراش وتی بەسەر چاو، لەگەڵمان تا بەرماڵیان بردینی و دواتر هەرچی هەوڵیشمدا نەیهێشت بیبەمەوە بۆجێگەکەی خۆی و وتی قەینا خۆم بە پێی دەچم، دامان لە دەرگاو هەر کە دەرگایان کردەوە خێزانی کاك فایەق و کاك فایەق بەدەرکەوتن، دەستیان کرد بە گریان و گێڕانەوەی سەرگوزەشتەکانی ڕابردوویان، وەفاداری شتێکی خۆشەو لە ئیسلامیشدا گرنگی یەکجاری پێ دراوە، هەتا ئەو کەسانەی کە باوك و باپیرو کەسەکانی ئێمەی خۆش دەوێت پێویستە ئێمەش خۆشمان بووێت... ئێستە باپیرم و کاك فایەقیش هەردووکیان لە ژیاندا نەماون و خوای گەورە ڕەحمیان لێ بکات. باپیرم تەنها باپیرم نەبوو هاوڕێیەکم بوو کە زۆر پێکەوە دەگونجاین.

===

## سیفەتی جوان، دانپێدانان و گەڕانەوەی ماف

ئەحمەد هۆرێنی باپیرم وتی: مەلا عومەر بچۆ بۆ لای حاجی عبدالله ی برام و پێی بڵێ ئەحمەدی برات داوات لێ دەکات گەردەنی ئازاد بکەیت، منیش ڕۆشتم بۆ لای حاجی عبدالله پیاوێکی دیندارو زۆر سەر ڕاست و بۆخوا سوڵحاوە، هەر بە مامە بانگی دەکەم لە زمانی دایکمەوەو وتم مامە عبدالله باوام داوای گەردەن ئازادیت لێ دەکات و گەردەنی ئازاد بکە دونیا ئەوە ناهێنێت و ان شاء الله خوای گەورە جەزات دەداتەوە، ئەویش وتی گەردەنی ئازاد ناکەم تا نەیەت بۆلام و هەرچی کردووە دانی پێدا نەنێت دانە بە دانە! زۆرم هەوڵدا فایدەی نەبوو، ڕۆشتمەوە بۆلای باوام و وتم حاجی عبدالله وا دەڵێت!

ئەویش وتی واللە حاجی عبداللەی برام پیاوێکی دیندارو ڕاستگۆیەو هەر بە منداڵی حەجی کردووەو درۆ ناکات، پێی بڵی ئەحمەدی برات سیقەی تەواوی بە قسەکانت هەیەو هەرچی تۆ دەڵێی تەواوەو گەردەنم ئازاد بکە، منیش ڕۆشتمەوەو وەك خۆی گەیاندم، پێکەنی و وتی دەی بۆ هەرچی گەردەنی ئازاد بکەم بۆ زەویەکانی باوکم گەردەنی ئازاد ناکەم، چوون ئەو زەویانە هی باوکمان بوو ئەو بە تەنها بردی بۆ خۆی! ڕۆشتمەوە بۆلای باوام و وتم حاجی عبدالله وا دەڵێت! وتی واللە ڕاست دەکات هەر داخاندا ئەو زەویانەم نەدا پێیان، چوون زەویم زۆر بوو ئەوەکانیان بردەوە حاجی عبدالله و حاجی یەسوی برام کۆمەکیان نەکردم، ئیتر منیش لە داخا ئەو زەویەم نەدا پێیان! وتم باوا کە دەڵێی زەویەکانیان بردەوە قسەکە وا دەهێنێت کە زەویەکان هی خۆت نەبوو بێت! چوون وشەی بردەوە ئەوە دەگەیەنێت کە هی خۆیان بوو بێت! پێکەنی و وتی ئا ئەرەواللە، وتم ئەی بۆ زەوی خەڵکت بردووە؟ وتی ئەوان کاتی خۆی جاش بوون و ئیتر ئێمە دەستەڵاتمان هەبوو لە ناوچەکەدا بۆیە. ڕۆشتمەوە بۆلای مامە عبدالله م وتم ئازادی بکە مامە گیان، زۆر قسەمان کرد دەستی بە گریان کردوو وتی کورە من برامە چۆن ئازادی ناکەم. گرنگە مرۆڤ لە ژیانیدا تا بۆی دەکرێت پابەندی یاسای ئیلاهی بێت و گەرچی دەستەڵاتیشی هەبێت وای لێ نەکات کە ستەم بکات، خۆ گەر بە هەرشێوەیەك زیانمان بە بەرانبەر گەیاند گرنگە بە گرنگیەوە مشوری ئەوە بخۆین داوای گەردەن ئازادیان لێ بکەین، گەر بە گەڕانەوەی مافەکانیشیان بێت، زۆر شت لە دونیادا تێدەپەڕێت بەڵام خوای گەورە دەفەرموێت:(وَاتَّقُوا يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللَّه).
لەبیرمە منداڵ بوو شوانیم دەکرد، ڕۆژێکیان ئاژەڵەکەم نزیك بێستانێك دەلەوەڕاند زۆرم تینوم بوو ئاوم پێ نەمابوو گەرمای هاوین بوو، ڕۆشتمە ناو بێستانەکەو چەند کاڵەکە وردەیەکم لێ کردەوەو لە ژێر جسرێکدا خواردم!

ئەوکات نازانم هێشتا تەکلیفی شەرعیم لەسەر بوو یان نە، ئەم ساڵانەی دوایی کەوتەوە بیرم و ڕۆشتم بۆلای خاوەنەکەی بەناوی حاجی حسێن خەڵکی خەرکنێ بوو لە بناری بەمۆ، خوای گەورە لێی خۆش بێت و پاداشتی خێری بداتەوە، وتم حاجی گیان من کارێکی وام کردووەو ئێستە ئەگەر کاڵەکت دەوێت حەزدەکەیت یەك پیکاب کاڵەکت بۆ دەکڕم و پارەش هەرچی دەڵێی دەیخەمە سەر سەر بۆت و هەرچی تۆ بفەرمویت من وا دەکەم بەس گەردەنم ئازاد بکە، دەستی کردە ملم و وتی هەزار جار گەردەنت ئازاد بێت و هەر کاتی خۆی گەردەنی هەموویم ئازاد کردووە تەنها فڵان کەس نەبێت کە بە کەروبار لێی بردووەو زیانی زۆری بەر تەرزەکانیش گەیاندبوو! منیش وتم والله من جگە لە خواردنی خۆم دانەیەکیشم نەبردبووەوە بۆ ماڵ، لەبەر ئەو سیفەتەی حاجی حسێنم زۆر زیاتر لا خۆشەویست بوو، خوای گەورە لە هەموویان ببورێت و لێرەشەوە داوای گەردەن ئازادی لە گشت ئەوانە دەکەم کە ئەم بابەتە دەخوێننێتەوەو هەر حەقێکی لامە ئامادەم بۆی بگەڕێنمەوەو گەردەنم ئازاد بکات، مەرجی تەوبەش لە ئیسلامدا گەڕانەوەی مافە.

## له داخی عەلی ڕۆژی ١٠٠٠ جار یەژم اسطغفرالله

باوام ئەحمەد هۆرێنی زۆرجار رەخنەی لە دین دەگرت، کە گوێم لێ دەگرت زۆری فکری پێچەوانەی ئیسلام بوو بەناوی ئیسلامەوە بەخەڵك فرۆشرابوو، هەندێك جاریش بە لێکدانەوەی خۆی و شتی دەوت کە لەگەڵ ئیسلامدا یەکی نەدەگرتەوە، پێم دەوت ئەوە وا نی یە باوا رجوع ببەرەوە ئەویش باوەڕی بۆ خوای گەورە دان پێدا دەنایەوە، زۆرجار لەگەڵ باوکمدا موناقەشەیان دەکرد، باوکم جارێکیان پێ وتبوو تۆ ئیمانت لاوازە! دیاربوو ئەوە تازە ڕوویدابوو من ئاگادار نەبوو بووم و ڕۆشتم بۆ ماڵیان و وتم باواگیان چۆنی باشیت؟ وتی بەخوا باش نیم! وتم شوکری خوای گەورە بکەو هەردەم استغفرالله بکە، ئەویش وتی بەخوا لە داخی باوکت ڕۆژی هەزارجار یەژم استغفرالله، وتم دەی باشە باوکم ئەوەندە هاندەر بووە تۆ توشی ئەو خێرە بکات، زۆرجار دایدەنام و دەستی بە توندی دەگرتم و دەیگوت چ دوعایەك باشە پێم لەبەر بکە.

===

## لە دوای پێغەمبەر پێغەمبەر بهاتایە مەلا کرێکار بوو

ڕۆژێکیان لەگەڵ باپیرم هەر بۆ پیاسەو خۆشی ڕۆشتین بۆ خانەقین، هەرلەوێش لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵی ڕێکخست، سەردانی مەسولی مەڵبەندی خانەقین کاك شێرکۆ میروەیسمان کرد پێکەوەو جەوێکی خۆشمان بەڕێ کرد، لە ڕێگە وتارێکی مامۆستا کرێکارم خستبووە سەری و گوێمان لێ دەگرت، ئەویش بە تاسەوە گوێی دابووە ووتارەکەو وتی ئەم کاورا کێیە، وتم ئەوە مەلا کرێکارە، جا موقابەلەکانی NRT یشی بینی بوو، هاتە

باسی مامۆستا کرێکارو وتی: تەڵاقم کەوتبێ سێ بەسێ لە دوای پێغەمبەر پێغەمبەر بهاتایە ئەم مەلا کرێکارە دەبوو.
هەندێك هات بە حکومەتا وتی بۆ سود لەم کابرا وەرناگرن و نایهێننەوەو بڵێن دەستورێکمان بۆ دابنێ، ئەی ٤ پیاوی ئاقڵی وا نەبێت وڵات چۆن بەڕێوە دەچێت.
دواتر بەمۆ شێخانی کە موقابەلەکەی کرد وتی قسەی بە عەرەب و هەندێك کەس وتووە نەمانزانیوە بەسەرماندا تێپەڕیووەو بەخوا زیانی پێ گەیاندووین چوون کاتی هەڵبژاردن بوو ئەو کاتە.
باپیرم قسەی نەدەگەڕاندەوەو ئەوەی بە ڕاستی بزانایە دەیگوت و موجامەلەو ئەوەی ئەمڕۆ پێشی دەوترێت سیاسی نەبوو.
===

## خواردن و نەبوونی وەعی سەحی و کەلتوری کوردی

لەگەڵ باپیرمدا ئەحمەد هۆرێنی ڕۆشتین بۆ گەڕان و پیاسەکردن، زۆرینەی کاتەکان هەر دوو بەدوو دەگەڕاین، کاتی نانی نیوەڕۆ هات و ڕۆشتین بۆ چێشتخانەیەك، منیش دەمزانی گۆشت و کەباب خراپە بۆی و نەشم دەزانی داوای چێ بۆ بکەم! ئێ چێشتخانەی کوردیش زیاتر کەبابەکە مەشهورە، هەرچەند بۆ خۆم حەزی لێ ناکەم، وتم باوا کەباب خراپ نی یە بۆت؟ وتی نا نا کەباب چۆن خراپە! وتم باوا کەباب خراپە بۆ تۆ بیخۆی دەمریت! وتی مردنی ڕاستی ئەوەیە کەباب بهێننە بەردەستت و نەیخۆیت! وەلحاڵ تێروپڕی خوارد، دوای سەعاتێك وتی بەخوا کەبابەکە کوشتمی بمگەیەنە ماڵ و بەتانیەك بدەن بە ملما.

ڕۆژێکی تر ڕۆشتین بۆ پشتەو بەڕوێن و گلێجاڵ، لە ڕێگە لاماندا لە ئاسایشی گلێجاڵ، هاتن بە پیری باوامەوە وتیان بۆ کوێ دەچیت؟ وتی دەچین بۆ ماڵی حەمەی عەمین ژنی هێناوە بزانم ژنەکەی جوانە، وتم باوا عەیبە وا مەیەژە، وتی نا ئاخر حەمەی عەمین خۆی پیاوێکی جوانخاسە پێم ناخۆشە ژنێکی هێنا بێت لەقەی خۆی نەبێت، ڕۆشتین بۆ ماڵ کاك محمدو لەوێ گەپێکی خۆشمانداو خێزانی کاك محەمەدیش دیاربوو زۆر کۆمەڵایەتی و لەو شتانە تێدەگەشت، باوام دواتر وتی باشە دڵم مورتاح بوو لەقەی یەکن، هەرچی هەوڵیاندا بۆ نانخواردن دانەنیشتین و ڕۆشتین بۆ ماڵ کاك سابیر لە بەڕوێن، دیار بوو خۆی بۆ ئەوێ دانابوو، ڕۆشتینە ماڵ کاك سابیرو گەپ و خۆشی و دروست بوو، نانیان هێناو ئەوانیش دەیانزانی باوام نەخۆشەو هەندێك خواردن نابێت بخوات بە تایبەت چەوری، بەڵام گوندیش بە ڕۆنی کوردی و ئەو شتانە مەشهورە هەروەك کەبابی مەطعەم، وتیان مامە ئەحمەو خۆ تۆ ڕۆن ناخۆیت خراپە بۆت! وتی نا نا ڕۆنی کوردی دەرمانە دەرمان، چۆن خراپە!

ڕۆنێکی زۆری خوارد و دوای کە هەستاین لە ڕێگە گەشتینە قەبرستانێك، باوام دەستی ڕاکێشا وتی ئەوە قەبری باوکمە لەویا، منیش وتم دەی باوا با دابەزین و سەلامێکی لێ بکەو دوعای خێری بۆ بکە، هەر لەناو سەیارەکەدا دەستی بەرزکردەوەو وتی سەلاموعەلەیکوم باوە گیان، وە دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوەو وتی خوایە گیان ڕەحم بە باوکم بکەیت، ئیتر وتی مەوەستە خێرا بڕۆ، تومەز وەزعی خراپە بەهۆی ڕۆنەکەوە، گەشتینە بان ملەی سەرتەك، وتی بە پەلە نەمگەیەنیتە بەردەروەن و هەنارم بۆ نەکڕی و هەنار نەخۆم دەمرم، بە پەلە گەشتینە ئەوێ و تەحامولی نەکرد تا بیکێشن دەستی کرد بە هەنار خواردن و بە خێرای بۆم دەتەکاند، وتی ئۆخەی هۆشم کردەوەو با بڕۆین و بمگەیەنە ماڵ، نزیکی ماڵ بووینەوە وتی لای ئەمنە نەیەژی ڕۆنی خواردووە!

نەنکەشم هەر بینای ڕەنگی هەندێك ڕەش بوو بوو، وتی ئەحا چیت خواردووە بزەیەکی کردوو وتی دامپۆشن دامپۆشن.

پارێزکردن ئەرکێکی شەرعیە چوون ئێمە پەروەردەکەمان لە بنەڕەتەوە تەندروستانە نەبووە زۆرجار بە زیانی خۆمان کار دەکەین و بە ئاسانی گوێی پێنادەین، خۆزگە عەیبەش نەبوایە چ لە مەطعەم و چ لە ماڵانیش خواردنی ئاسایمان بخواردایەو بە ئاسایش سەیر بکرایە.

سەردانی کردنی گۆڕستان مەشروعیەتی لە شەرعدا هەیەو بۆ ئەوەی مردنمان بیربخاتەوە نەك بۆ ئەوەی داوای دوعای خێری لێ بکەین.

===

## یەکتر بینین و موجامەلەی کۆمەڵایەتی

باوام ئەحمەد هۆرێنی زۆر قسەی سەریح بوو وە موجامەلەی نەدەکرد، کەسی وا هەبوو ئەوپەڕی خۆشەویستی خۆی بۆ دەردەبڕی کە پرسیاری بکردایە ئەی من چۆنم بەلاتەوە زۆرجار سەد لە سەد پێچەوانەکەی دەویت، ئەوکات ماڵمان لە شاوازی بوو سەیارەو شت زۆر کەم بوو بە پێی هاتووچۆی یەکمان دەکرد ئەوان لە سەرتەك بوون، بە پێی نزیکی سەعاتێك بۆ دوو سەعات دەبوو بە تایبەت لە شاوازیەوە بۆ سەرتەك بەرزی و ناودەروەنی تێ دەکەوێت، بەڵام لە سەرتەکەوە بەرەوخوارکەیەو ئاسانترە، جارێکیان بۆ ماڵ ئێمە هاتبوو نزیك شاوازی گەشتبووە کابرایەك، پیاوێکی بێدەنگ و بێ کێشەو زۆر ئامینە، زۆر بە گەرمەوە لەگەڵ باوامدا مەرحەبای کردبوو ئەویش نەیناسی بوو، وتبووی ئەوە تۆ کێیت وا ئەوەندە گەرمی لەگەڵ مندا! ئەویش خۆی پێ ناساندبوو، ئەگەر کەسێکی تر بوایە داوای لێبوردنی دەکردوو ماریفەتی دەنواند، باوام وتبووی

تەڵاقم کەوتبێ وامزانی لە کۆپاڵە مردوویت، کاتی خۆی خەڵکی لای ئێمە زۆری لە بازیان و گۆپاڵە نیشتەجێ بوو بن، کابرایەکی تر وتبووی کاکە ئەحمەو من تۆم یەکجار زۆر خۆش دەوێت و واو وا لە دڵمدایت! دواتر وتبووی ئەی تۆ چۆنی بۆ من؟ ئەویش وتبووی من تا نەتبینم ناکەویتە بیرم...

===

## کەسێکی بەرژەوەند خواز نەبوو

سەفەری ئەم هەندەرانە دای بوو لە مێشکم و کەوتبوومە سەر دەرسی ڕۆشتن و باوکم حەزی نەدەکرد، دەیگوت ئێمە وەزعمان باشەو خەڵکی لە فەقیریدا دەڕوات تۆ بۆچی دەڕۆیت؟ بۆ خۆت دانیشەو ژنت بۆ دەهێنم و بۆ خۆمان پێکەوە دەژین، منیش زۆر شت لام گەڵاڵە بوو بوو هەموویم لەوەدا دەبینیەوە کە بە سەفەرەکە دەتوانم بیان پێکم، ئەڵبەت زۆر سوپاس بۆ خوای گەورە هەرچەند ئەزیەتی زۆرم بوو لە ڕێگە بەڵام گەشتم بە ئاواتەکانی خۆم، جا زۆرجار باوکم بە کەسانی تری دەگوت سا بەڵکو پەشیمانم بکەنەوە، منیش زۆر هاتوچۆی ماڵ باوام ئەحمەد هۆرێنم دەکرد بۆ هەنجیر خواردن و زۆریش تفەنگی دەدا بە دەستمەوەو لەگەڵ هێمندا نیشانەی شکێنی پێ دەکردین، وای لێکردبووم تا ئێستەش دەستڕاسیم هەست دەکەم هی ئەوەیە، ڕۆژێك لە ماڵیان بووم وتی دەچیت بۆ خارج؟ منیش ترسام پشتگیرم نەبێت چوون زۆر حەزم بەو سەفەرە دەکرد، وتم بەڵێ باوا نیازێکی وام هەیە، وتی من دەزانم تۆ تازە لێبڕاویت و هەر دەڕۆیت! پێم خۆش بوو وای وت چوون جۆرێك لە ڕەزامەندی تێدا بوو، وتم بەڵێ باوا گیان پشت بەخوا دەچم، وتی دەی بێ با وەسیەتێکت بۆ بکەم! منیش وتم ئادەی هەرچی دەڵێی بڵێ: وتی نەکەی ڕۆشتیتە ئەوێ پارە بۆ خەڵك بنێریت!

ڵێی ئەمە باوامەو نازانم ئەمە نەنەمەو ئەمە کێ یەو ئەوە کێیە! هەتا ئەتوانی بۆ خۆت ئیش بکەو پارەکەت جەم بکە بیدە بە ژن و سەیارەو خانوو شت بۆ خۆت، وتی فلسێك نەخەیتە سەر قەبری باوکت! وتم واللە وام دەزانی پێم دەڵێی من باواتم و من لەبیر نەکەیت! وتی نا نا ئیشی وا نەکەیت بڕۆ خوا لە پشتت بێت و گوێ مەدەرە هیچ..

===

## زۆر پەلە بوو لە کارەکانیدا

هێمنی خاڵۆم جگە لەوەی خاڵۆمە بەهۆی نزیکی تەمەنماوە لەیەك هەر هاوڕێی یەکیش بووین لە منداڵیەوە، ڕۆژێك تەلەفۆنی بۆ کردم وتی دوێنێ وەعدم داوە بە باوکم بیگەڕێنم و بەهۆی واجبەوە لەبیرم چوو، بەڵکو تۆ بچیت پیاسەی پێ بکەیت و بێ تاقەتیەکەی نەهێڵیت، چوون کە قسەم لەگەڵ کرد بێتاقەت دیاربوو، منیش ڕۆشتم بۆ ئەوێ و دانیشتین و دەستمان کردە دەمە تەقە، وتم باوا ئەحمەد ئەزانی هێمن زۆر درۆزنە! نەیدەزانی من ئاگاداری وەزعەکەم، وتی درۆزنی وەك هێمن لە کورەی سەر زەویا نی یە، وتی: ئەو من باوکیم درۆم لەگەڵدا دەکات، نەنکەیشم هاواری دەکرد بتانکەمە قوروانی. ڕۆشتین بۆ گەڕان و جەوێکی خۆشمان بەڕێکرد.

===

## یەکیەتی و پارتی هەردوولا ڕێزیان لێ دەگرت

٣١ی ئاب کە یەکیەتی ڕایکرد بۆ ئێران ماڵ باوام بوو بوون بە دوو بەشەوە نەنکم ڕایکردبوو! باوام مابووەوە! باوام پارتیەکان و یەکیەتیەکانیش هەر خۆشیان دەویست، چوون لە شۆڕشی کوردایەتیدا هەردوکیانی کردووەو لەگەڵ مەلا مصطفی بەرزانی بووەو لەگەڵ مام جەلالیش، ئیتر وەزعیان شڕبوو یەکلای نەدەبوونەوە، باوام خۆی کردە ماڵمانا بەیانی زوو بوو لە شاوازی بوو ماڵمان دانیشتبووین نان و چامان دەخواردو باوکیشم هەتا من کە کوڕی گەورەی بووم نەمدەزانی لە کوێیە، ماوەیەك خۆی ونکردبوو بەهۆی هاتنی پارتی بۆ ناوچەکە، منیش ئەوکاتە لای مەلا عەزیز قورئانم دەخوێندو زۆر تامەزرۆی قورئان بووم، ڕادیۆیەکمان هەبوو هەرکە لە هەر ئیزاعەیەك قورئانی بخوێندایە ئەوەندە هۆگری بووم بووم زوو دەمدۆزیەوە، دەمزانی لە چ سورەتێکدایەو دەمخستە سەر قورئانەکە بۆ ئەوەی باشتر خوێندنەوەی فێر ببم و لە قارئەکان سودمەند ببم، گەشتە ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت (ویل یومئذ للمکذبین) لە سورەتی المرسلات جا چەندین جار ئەو ئایەتە دووبارەش دەبێتەوە، وتی ئەوە دەزانیت مانای چی یە؟ منیش وتم بەڵێ دەزانم وازحە، نەیهێشت من وەڵامەکەی بدەمەوەو وتی: ئەوە یەعنی وەیل بۆ ئەوانەیە کە درۆ دەکەن، دایکیشم وتی باوا ئەوە بەهەشت و جەهەنم چۆنە؟ وتی بە پێی ئەم ئایەتە زۆربەمان دەچینە جەهەنم، چوون خەڵکی ئێستە گوێ ناداتە درۆکردن، وتم باوا تۆ قورئان دەزانیت؟ وتی: ئەی چۆن کاتی خۆی لە حوجرە خوێندوومە، وتم دەی کەمێك قورئانمان بۆ بخوێنە، دەستی کردە خوێندنی سورەتی الملك، جا کە دەگەشتە کۆتایی ئایەتەکان بە سەوتەوە درێژی دەکردەوەو هەر لەبەریش دەیخوێند، وتی وا نەزانی هەر خۆت قورئان دەزانیت.

جا سیلاحێکی پێ بوو جۆرێك بوو، مامە یەسوم دەیگوت ئەحمەی برام سیلاحێکی پێیە کەس نازانێت چی یە، لولەکەی لای ئاسنگەر دروستکراوە، قۆتاغەکەی صینیە، دەسکەکەی هەنگاریە، زمەکەی ئیتالیە، هەر پارچەیەك و هی وڵاتێکە، جا دەیگوت فیشەکی کڵاشینکۆف دەتەقێنێت، هی دەمانچە دەتەقێنێت، هی بیکەسی دەتەقێنێت، کورە دەیگوت هەتا مشتێ ماشیشی تێکەی هەر دەیتەقێنێت و چاوی شەش حەوت نەفەر کوێرەکات. دوای ماوەیەك نەنکەم هاتەوەو باوکیشم سەری هەڵداو، پارتیش لە ناوچەکەدا زیانیان بۆ کەس نەبوو بەڵام بە داخەوە کە یەکیەتی هاتەوە دەستپارێزیان لێ نەکردن و کوڕێکیان کوشت لەبانی گۆران چوون چاوم پێکەوت تا ئێستە لە دڵم دەرناچێت.

===

## خەوبینین و گرنگی دان پێی

باپیرم ئەحمەد هۆرێنی نزیکی ٧ ساڵ پێش ئێستە وتی: خەوێکم بینیوە تۆ بۆم خەوپەرژێن بکە، واتە لێکی بدەرەوە، منیش وتم: بڵێ، وتی: لە خەوما حەشرو نەشرەو لە ساحەی مەحشەردا وەستاوین و هەرکەسەو چاوەڕێی ناوەکەیەتی بزانن چی پێ دەڵێن، وتی: هەندێك ناو هەڵواسرابوو، ناوی جەهەنەمیەکان، خوێندمەوە سەیر دەکەم ناوی منی تێدایە! وتی: ناوی من لە جەهەنەم هاتبووەو دواتر خستمیانە سەرەوە بۆ جەهەنم! وتی: دەرگاوانی جەهەنم دانە دانە دەیخستنە ناو جەهەنەمەوەو ئاگرەکەش ئۆتۆماتیکی دەیبردن بۆ ناو، وتی: ئاگرەکە ئەوەندە هەڵپەی هەبوو ئێمە کە هێشتا لە دواوە بووین قەسدی بوو

بێت بۆمان! وتی: هەروا ڕیزەکە بەرەوە پێشەوە دەچوو دانە دانە دەیانخستنە جەهەنەم تا سەرەی من هات! وتی: کە سەرەی من هات دەرگاوانەکە وتی بوەستە! ئاگرەکە سارد بووەتەوەو دەرگاکەی داخست، وتی: با ئاگرەکە باشتر گەرم ببێت ئەوسا تۆی تێدەخەین! وتی: ئیتر لەوەدابوو خەبەرم بوویەوە، زۆری بەلاوە گرنگ بوو، دیاربوو خەوەکە زۆر بە وازحی بینی بووی.

منیش وتم: باوا گیان تۆ تا ئێستە کارانێکت کردووە کە بەرەوە جەهەنەم بووە ئاراستەکەی، ئێستەش کە پیربوویت و بەردەوامی لێی تاوانەکەی گەورەترە وەك لەوەی گەنجێك، ساردبوونەوەی ئاگرەکەو داخستنی دەرگاکە دەرفەتێکە بۆ تۆ بۆ گەڕانەوەو ئەگەر بگەڕێیتەوە ئەوە ئاگری جەهەنم لە ئاستی تۆ ساردبووەتەوەو دەرگاکەی داخراوە، بەڵام ئەگەر نەگەڕێیتەوە ئەوە باشتر بۆتی گەرم دەکەن و دواتر دەتخەنە ناوی، ووتی جا وایە؟ چەند جار تەئکیدی دەکردەوە! وتم بەڵێ وایە.

وتی سا خوایە گیان تەوبە ئیتر خۆت باش دەزانیت، دوای ئەوە زۆر بە تاسەوە بوو بۆ ئەوەی چ دوعایەك باش بێت و خێری زۆر بێت فێری بکەم.

===

ڕۆژێك ڕۆشتم بۆ ماڵیان لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشتبوو خەڵکیش بە چواردەوریدا، من ئاگادار نەبووم پێشتر چ قسەو باسێك کرابوو، دیاربوو باوام وەزعی خراپ بوو، باوام بەوە دەستی پێکرد وتی: باشە کە مردین ئیتر دوای ئەوە چی یە؟ منیش ویستم ئەو فەرمودەی بۆ باس بکەم کە کەسێك مرد قەبرەکەی بۆ دەبێتە باخێك لە باخەکانی بەهەشت یان بۆی دەبێتە چاڵێك لە چاڵەکانی دۆزەخ و هەندێك دەقی شەرعی تر کە پێش قیامەت باسی لێوەکراوە. خاڵۆ عەدنانیشم (مامۆستا عەدنان) چاوێکی لێ داگرتم وەك بڵێی مەچۆ قوڵا بۆی و کاتی ئەوە نی یە، منیش وتم باوا گیان ئاسانە کورە وەکو خەوێك وایە تا

ماوەیەك! ئەویش زۆر بە سەر سوڕمانەوە وتی: وەك خەو وایە؟ منیش وتم ئا ئا، وتی دەی قەسەم بەخوا خەوی وام بینیوە ئا ئێسا بموەرە بانی بەمۆی و بمخەرە خوارۆ ئەونەی ئەوە عەزیەتی نی یە.

===

## پیاوانی ئاینی خۆش دەویست

باپیرم ئەحمەد هۆرێنی شێخ عوسمانی زۆر خۆشدەویست، چوون زیاتر کاتی خۆی دەعوەو بانگەواز لە ڕێگەی ئەوانەوە لە کوردستاندا بڵاو بووەو بە واقعی بینیویەتی، زۆرجار دەیگوت: حەز دەکەم سەفەرێکی بیارەم پێ بکەیت، حاجی عبدالله یش براگەورەی باوام ئەویش هەر داوای دەکرد، حاجی یوسفیش برا بچکۆلەیان دەیگوت: ئەگەر چوون منیش جێ نەهێڵن، ئیتر هەر بۆ فرسەتێك دەگەڕام ئەو سەفەرە بکەین، تا قەدەری خوای گەورە بانگێشتێکم لە مەدرەسەی بیارەوە بۆ هات کە پۆلێك لە قوتابیەکانیان ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرن و منیش بەشداربم، وتم لەمە باشتر نابێت بە بەردێك کوردەواری دەڵێ چەند چۆلەکەیەك دەکوژم، خزمانی ئێرانیش زۆرجار دەیانگوت: لە حەفلەکانی بیارەدا چاومان بۆ داویت دیار نەبوویت و وتوومانە حەتمەن لەوێ وجودی دەبێت، بەهەرحاڵ باوام وەزعی زۆر باش نەبوو زۆرم حەزکرد بیبەین، لەبەر ئەوە ئەو ڕۆژەش زۆر قەرەباڵغەو لە ئێرانەوە مەلای زۆرو فەقێ دێت و لە کوردستانیشەوە خەڵکێکی زۆر یەکجار ڕوو دەکەنە بیارە نەگونجا بیبەین، ڕۆشتم بۆ ماڵ حاجی عبدالله کە ئاگاداری بکەم سبەی سەفەرەکەی بیارە دەکەین، هەر کە گەشتمە بەرماڵیان دیاربوو لە دەرەوە بوو دەگەڕایەوە

بۆ ماڵەوەو لەبەردەم دەرگادا بەیەك گەشتین، نەیهێشت قسە بکەم و پێشم کەوت وتی: ئەزانی تۆ زۆر درۆزنیت! منیش وتم بۆ مامە عەوڵا گیان، وتی ئاخر تۆ وەعدت پێدام بمبەیت بۆ بیارەو هەر دەنگت نەبوو! وتم دەی ئێستە بۆ ئەوە هاتووم ئاگادارت بکەم سبەی دەچین بۆ بیارەو بەیانی زوو حازر بە، سەیرێکی کردم بە پێکەنینەوەو ووتی: بەخوا خەریکە درۆکەت ڕاست دەکەیتەوە.

تەلەفۆنم بۆ حاجی یەسو کرد وتم سبەی دێمە شوێنتاو پێکەوە لەگەڵ حاجی عبداللە دەچین بۆ بیارە، زۆری پێ خۆش بوو وتی: مەیەرە شوێنما خۆم دێمە گەراجەکەی هۆرێن پێویست ناکات ئەزیەت بکێشیت و لەوێوە پێکەوە دەچن حاجی عبداللە هەڵەگرین و دەچین، زۆرم هەوڵدا وتم ئەزیەت نی یەو خوا نەیبرێت سەیارەکە چاکە، وتی نا بە قسەی من بکە، وتم باشە، سبەی ڕۆشتمە گەراجی هۆرێن و هەندێك چاوەڕێم کرد دەنگی نەبوو، تەلەفۆنم کرد وتی لە دوو ڕیبیانەکەی هۆرێندا هەر چاوەڕوان دەکەم و سەیارە نی یە، تەحامولم نەکردو ڕۆشتمە شوێنیا لە بانی ملەی سۆڵاوە بە یەك گەشتین سەیارەی بۆ بوو بوو، دابەزی و پێکەوە گەڕاینەوەو حاجی عبداللەمان هەڵگرت و ڕۆشتین بۆ بیارە، ئەو ڕۆژە زۆر بەخۆشی بەڕێمان کردو زۆر دۆستی ئەزیزم تێدا بینی و جەوێکی خۆش و ڕۆحی بوو، دوعای خێرمان بۆ مەلاکان کرد خوای گەورە مۆفەقیان بکات و ئێوارە پیاسەی ناو بیارەمانکردو هەندێك شتوومەکی کوردەواریمان کڕی و گەڕاینەوە، نزیکی دەربەندیخان بووینەوە حاجی عەوڵا وتی: بەخوا چاك درۆکەت ڕاست کردەوە، دواتر بۆ باوام گێڕایەوە کە چەند خۆش بووە، وتی مەیلت نەبوو ئەگینا هەر دەتانبردم، نەنکیشم دەیگوت بەخوا بڕۆشتایەیت وەساقی نەدەهاتینەوە.

===

زۆرجار دەهات بۆ ماڵمان دەیگوت مەلا کەریمی کوێرەکم بۆ بانگ بکەن با تەڵقینێکم بخوێنێ، جارێك دەیگوت مەلا کەریم قەڵەمی عەفوی هێناوە

وەسەری گوناحەکانمانما، ئیتر دەبوو بە پێکەنین و قسەی خۆش و مەلا کەریمیش پیاوێکی سادەو مەجلیس خۆش و کۆمەڵایەتیە دەیگوت ئەی کورە قابیلە کەسێکم پێ نەجات نەدرێ لەو دونیا.

===

# شیعە نە دینە نە مەزهەب

بە حوکمی ئەوەی هەر لە منداڵیەوە خەریکی خوێندنی شەرعی و فەقێیەتی و ئەو شتانە بووم، زۆرتر جانبە دینیەکەیم بەلاوە گرنگ بوو کە شیعە بە واقعی چۆنە نەك ئەوەی من خوێندوومەتەوە لە کتێبەوە، باپیرم وتی مەلا عومەر گیان ئەمە بخەرە مێشکت و لەبیری مەکە، شیعە نە دینە نە مەزهەب، تەنها حیزبێکی سیاسیەو ئەمەیان دروست کردووە بۆ خۆیان و ئیلەڵاو بڕایەوە.
لە ٧٤ کە ئاشبەتاڵ بووەو خەڵکی ڕایکردووەتە ئێران ماڵ باپیریشم ڕۆشتوونەتە ئەوێ و هەرلەوێ باوکم دایکمی خواستووە، دواتر پێکەوەو لەگەڵ چەند خزمێکی ترماندا نەگەڕاونەتەوەو ڕۆشتوون بۆ مەنتیقەی خۆراسان، لە عەباس ئابادو نتشارودو سەبزەوارو بەستام و مەشهەد، هەر لەوێ ژیاون تا پێش ئینقیلابەکەی ئێران ٧٩، بە گەڕانەوەیان ئینقیلاب دەستی پێ کردبوو.
زۆرجار باس و خواستی ئێرانی دەکرد باپیرم و بیرەوەریەکانی ئەوێیان دەگێڕایەوەو ژیان لەگەڵ شیعەداو بیرکردنەوەیان و حەقیقەتی هەڵسوکەوت لەگەڵیاندا، ئەوسا سەحواتی ئیسلامی لە وڵاتی خۆماندا نەبوو بوو تەنها دین لە شێخ و مەشایخ و سۆفیەوە زیاتر بڵاو بوو بوو، بەحوکمی سادەی خەڵك ئەوکاتەوە وێرانەی وڵاتانی خۆشمان لەژێر سستمە داپڵۆسێنەرە یەك لە دوای یەکەکاندا دەرفەتی زانست دیارە زۆر کەم بووە، زیاتر ئەوەشی کە وەك دین

وەرگیراوە لایەنە ڕۆحیەکەی بووە، ئەڵبەت خوای گەورە جەزای ئەو شێخ و مەشایخ و سۆفیانەش بداتەوە کە کاریان لەسەر جانبی ڕۆحی خەڵك کردووە لەگەڵ تێبینیش لەسەریان، مەبەست لەمە باپیرم ئەوانەی لە دەروری بوون هەر کەسانی ئاسایی بوون نەك خوێندەوارو شارەزا لە دین و ئەحکامەکانی.

باپیرم بە حوکمی خوێندنی لە حوجرەدا کە ئەوکات مەکتەب وەك ئێستە نەبووەو زیاتر هەر حوجرە بووە بۆ فێربوونی خوێنەواری، ئەویش تا ڕادەیەکی خوێندبوو، وە باپیرم لە ڕووی مەنتیقەوە زۆر ئاقڵ و ژیر بوو، لێکدانەوەی یەکجار زۆر دەکرد، ئەوانەشی شارەزای شەرعن گرنگی بەکارهێنانی ژیری دەزانن چەنێك لە قورئانا باسی لێوەکراوە، هەتا لە عێراقدا مەدرەسەی ئەهلی رەئی هەبووە کە ئیمامی ئەبوحەنیفە سەرپەرشتی کردووە لە کوفە، چوون کەمتر حەدیسیان پێ گەشتووە زیاتر ئەم مەدرەسە پشتیان بە ئەقڵ بەستبوو، وەك ئیمام مالیك نەبووە خۆی لە مەدینەدا بێت و نەك هەر حەدیسیان لا بووە بەڵکو کردەوەی ئەهلی مەدینە خۆی بۆ خۆی جۆرێکە لە حەدیس، چوون لەگەڵ پێغەمبەردا درودی خوای لێ بێت ژیاون و دەقیان زۆرتر لابوو بێت.

جا تولی نەدەمێ و مەوزوعەکە وەلا ڕێدا نەوەم، دوو ئاخون هاتبوون بۆ ماڵ باوام کە وەك گەورەی ئەو کۆمەڵە ماڵە وابووە بە حوکمی تەمەن و زیاتر چاوکراوەیی کە لەناو شۆڕشدا زۆر بوو بوو خەڵکی جیاوازی بینی بوو، دوو ئاخونەکە زۆر هەوڵیان دابوو بیکەن بە شیعە! باواشم ئەوەندە قسەی بۆ کردبوون و بە دەم و لەفزی خۆی و سەرنجی ڕاکێشابوون، دوو ئاخونەکە دواتر کە هەستابوون وتبوویان والله ئەگەر ئێمە بوێرین دەبین بە سونی! وتی وتیان لەسەر دینی خۆتان بەردەوام بن و باسی ئێمەش مەکەن، مەبەستی دوو ئاخونەکە خۆیان.

جا هەر دەیانگێڕایەوە کە منداڵی فارسەکان شەڕیان دەکرد لەگەڵ مناڵەکانی ئێمەدا جوێنیان بە عومەر دەدا، ئەمانیش جوێنیان دەدا بە عەلی! باوکم چوون

خۆی ناوی عەلی بوو بوو زیاتر گرنگیان پێ دابوو، بەڵام باوکیشم هەرچەند نەشی خوێندووە زۆر توند بووە لەگەڵیاندا لەسەر شیعەو سونە، هەتا عەهدی کردبوو لەگەڵ خوای گەورەدا ئەگەر کوڕی ببێت ناوی بنێت عومەر وە گەر کچی ببێت ناوی بنێت عائیشە، ئێستەش لە دڵیان دەرناچێت چۆن جوێنیان بە عومەرو عائیشە داوەو هەر نمونەیەکی خراپیان بدیایە لە کۆمەڵگەدا دەیان لکاند بە عومەر و عائیشەوە، (هاوڕێیەکیشم بۆی گێڕامەوە وتی ئەزانی بۆچی شیعە زۆر ڕقی لە عومەرەو عەلیان خۆش دەوێت؟ وتم بۆ؟ وتی: هەر بە منداڵی زۆرجار دایکی شیرەکەی لێ دەشارێتەوە یان یاری و هەرشتێك کە منداڵەکە حەزی لێ بکات و دەڵێ ئەرەوەڵا عومەر بردییەیی، وتی منداڵەکە دەگری و بێ تاقەت دەبێت دوای بۆی دەهێنێتەوەو دەڵێ ئەرەوەڵا عەلی هێنایەوەوەوەوە) (٢٠٠٥ ڕۆشتم بۆ حەج دوای تەواوبوونی مەراسیمی حەج ڕۆشتم بۆلای ئەشکەوتی حەراء لەوێ دانیشتبووم هەندێك مەیمون لەو ناوە بوون سەیرم دەکردن کابرایەکیش هاتە تەنیشتم و وتی ئاغا سەلام، دەستمان کردە قسەکردن و زانیم کە شیعەیە وتم ئاغا ئێوە بۆ ڕقتانە لە عومەر؟ وتی والله بلێم چی من سەبەبێکی وام پێ نی یە تەنها ئەوە نەبێت لە منداڵیەوە هەروا پەروەردەیان کردووین) ئیتر قەدەری خوای گەورە وا بوو من بووم بە یەکەم منداڵی و عەهدەکەی بردە سەر، هەندێك جار بە جەماعی ڕۆشتبوون بۆ حوسەینیەکان مزگەوتی شیعە، باوکم ئێستەش لە دڵی دەرناچێت دەیگوت دەیان چفاند بە گوێی یەکداو دەیانگوت عەلی ئاغا مسوڵمان شودە، وتی ئێمەش توڕە دەبووین و دەمانگون ئیسلامی ڕاستی ئێمەین، زۆرجار باوکیشم ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە شەوێك نوێژی عیشای نەکردووەو خەوتووە! وتی پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت هاتە خەوم و فەرمووی: ئەوە بۆ نوێژەکەت نەکرد؟ وتی وتم ئەی پێغەمبەری خوا ڕاستی گومانم بۆ دروست بووە لەسەر ئەم دینەو شیعەکان منیان خستووە

دڵە ڕاوکێوەو ئەم غەریبیەش تەواو بێ تاقەتی کردووم و بیری دایك و باوك و کەسوکارم دەکەمەوە، وتی فەرمووی: هەڵسە نوێژەکەت بکە هەر دینەکەی خۆت تەواوەو دوای سێی تریش دەچیتەوە ناو خزم و کەسوکارو هەمووشیان دەبینی، وتی خەبەرم بوویەوە زۆر دڵخۆش بووم بەس نەمزانی دوای سێ سێ ڕۆژ، سێ مانگ، سێ ساڵ وتی ئەوەم لا ڕوون نەبوو، وتی ئیتر قەدەری خوای گەورە وابوو دوای سێ مانگ گەڕاینەوەو هەموو خزم و کەسوکارم بینی، هەتا باپیرەم واتە باوکی باوکم، ئەوەندە دڵخۆش بوو بوو گۆرانی و سۆزی کردبوو، تا ڕاکردنەکەی ٩١یش من خۆم زۆرجار گوێم لێ دەگرت، بەداخەوە ئێستە نەماوە.

===

## ژیان لەناو شیعەدا

باپیریشم ئەحمەد هۆرێنی زۆر وەسفی فارس و شیعەی دەکرد کە دراوسێیەتی و تێکەڵیان زۆر خۆشەو سیفاتی یەکجار جوانیان تێدایە، هەتا دەیگوت کە بە کۆڵانەکاندا دەڕۆشتین زۆرجار پێشیان لێ دەگرتین و لولەیەك قەیماغ یان پەنیر شتێکیان بەزۆر دەدا پێمان دەیانگوت نمەکمان بکەن، لە کوردەواریشدا ئەو نمەك کردنە مانایەکی گەورەی لە دڵی خەڵکی عەشایەردا هەیە کە کەسێك نمەکی کردی تەواو ئیتر خیانەتیشت لێ ناکات.

===

باپیرم ئەحمەد هۆرێنی پێکەوە هەر بۆ پیاسەو گەڕان دەرچووین بە سەیارە، لە ڕێگە دیاربوو ناڕەحەت بوو، بەهۆی پیری و نەخۆشیەوە، بیری لە وەزعی خۆی دەکردەوەو وتی: باشە مانی من چ سودێکی هەیە؟ منیش وتم: واللە باوا گیان

سودی ئەوەیە زیاتر استغفرالله بکەیت و زیکر بکەیت و ئەی بۆ ئێمەش هەر خۆشە، ملێکی لەقاندوو دەستی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و وتی سا خوایە ئیتر تۆ کەیفی خۆتە چیمان لێ دەکەیت.

===

## قۆچ کردن

نەنکە ئەمنەم خێزانی باپیرم، بە باوکمی وت: بزنێکم بۆ بسێنە بۆ قوربانی، جا لای ئێمە زیاتر هەر پێی یەژن قۆچ، باوکیشم بزنی کڕی و لە حەوشەکەدا هەموومان کۆبووبووینەوەو لەوەدا بوو باوکم سەری ببڕێ، نەنکەم وتی: دەی عەلی نیەتی لێ بهێنە بۆ من کە ئەم قۆچە دەکەم و بڵێ الله اکبر، منیش وتم نەنکە گیان با نیوەی بۆ باپیرەم بێت، ئەویش وتی نا بەخوا ڕازی نیم خۆم کڕیومەو دەبێت هەر بۆ خۆم بێت، منیش وتم جا پارەی ئەمماڵە هەر یەکێکەو ئیتر بۆ بە دوکوتی نەبێت؟ خۆی توڕەکرد وتی تۆ حەقت نی یە بۆ منەو تەواو! باوکم چەقۆی هێنا بە ملیاو سەری بڕی، منیش هەر لەو کاتەدا وتم ئەرەوەڵا نەنکە نیەتم هێنا قاچێکی باپیرەم تێخست، مادام بە نیوە ڕازی نیت با قاچێکی بێت قەیچێکا، وتی بەخوا ڕازی نیەم و نابێت، وتم تازە تەواو کردم! ئەویش خۆی توڕەکردو وتی: ئەی من حساوم یا تۆ؟! منیش وتم منیش حساوم نەنکە گیان ئەی ئیتر منیش مەلام و کەستانم و ئەی چۆن قابیلە! دەستی کردە بۆڵە بۆڵ، وتم باوا ئەوە بزنەکە قاچێکی تۆم تێخست، واتە یەك لەسەر چواری بۆ باپیرەم، ئەویش سەیرێکی نەنکەمی کردوو دەستی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و وتی بەخوا ئەگەر خوا ڕەحمم لێ نەکات ئەم قاچە بزنی ئەمنە هیچم پێ ناکات.

===

جارێك باپیرەم قۆچی كردبوو كابرایەك وتبووی باشە تۆ بۆ قۆچ دەكەیت، ئەویش وتبووی ئەی فلانە كەس لەو دونیا بە غارغارێن لە پێشەوە بڕوات و منیش بە پێی پەتی لە دواوە تەكەی سەرم بێت ها! بەخوا تا ئەو دانەیەك بكات من دوان دەكەم. لە كوردەواریدا دەڵێن هەركەس قۆچ بكات لەو دونیا لە ئاگر دەیپەڕێنێتەوە، ئەڵبەت لە ڕووی شەرعیەوە پەڕینەوەكەی مانای سواربوونی نی یە.

===

## كورد لە شەڕدا دەیباتەوە لە ئیدارەدا ئەیدۆڕێنێ

تازە موسڵ گیرابوو، جەلەولاو خانەقین شەڕو هەرا گەرم بوو تێیدا، ئیتر هەركەسەو بە جۆرێك لێكدانەوەی بۆ دەكرد، ترس و بیمێكی زۆر هەبوو، لەگەڵ باوامدا ئەحمەد هۆرێنی لە حەوشەكەیاندا لە هۆرێن دانیشتبووین و دەمەتەقەمان ئەكرد، وتم باوا تۆ یەژی چی لەسەر ئەم شەڕو شۆڕە وەزعەكە باش نایەژێت، وتی لە شەڕەكەدا ئەیوەینۆ بەڵام دوای شەڕەكە ئەیدۆڕێنین! وتم یەعنی چۆن؟ وتی كورد لە شەڕا زیرەكەو ملی پێوە ئەنێ و ئەگەر خۆ تڕاندنیش بێت هەر ئەیكا، بەڵام دوای شەڕەكە ئەیدۆڕێنین چون نازانین ئیدارەی وڵات بكەین، فعلەن قسەكانی ڕاستە كورد بە حەق و ناحەق هەر مل ئەنێت وە شەڕەوە بەڵام ئیدارە لە هێزی چەك گرنگترە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات.

===

## گرنگی سیلەی ڕەحم

خزمایەتی گرنگیەكی گەورەی لای من هەیەو حەز دەكەم ئەوەی بە خوێی چێشتێك بگات پێم بیناسم و ئیلاقەشم لەگەڵیدا هەبێت، تا ئەو كاتەی لە

کوردستاندا بووم منداڵ بووم و هەر لە ماڵ باوکمدا بووم، کە گەڕامەوە وردە وردە پرسیاری خزمەکانم دەکردو سەردان و هەواڵ پرسی، زۆرجار ماڵەوەمان باسی دادە عەینەیان دەکرد کە کچی حاجی عبداللەی برای باوام ەو ئیتر هەر کاتی خۆی شوی کردووە لە سەرچنارن و مناڵی زۆری هەیەو تازەش بوو مێردەکەی کە مەشهورە بە نوری ئەحمەد بەسیت کۆچی دوای کردبوو، منیش تەلەفۆن و شتم پەیداکردن و قسەم لەگەڵ کوڕو کچەکانیان و دادە عەینەدا دەکر، ڕۆژێك وتم باوا  با بچین سەرێك لە ماڵی دادە عەینە ئەدەین و لەوێشەوە ئەچین بۆ ماڵ کاك نەجمەدین سەرێکی دیمەن ئەدەین تازە لە خەستەخانە گەڕاوەتەوە. ڕۆشتینە ماڵ دادە عەینەو زۆرم لا خۆش بوو چوون لە ژیانمدا نەمدیبوون، دەمەتەقەیەکی خۆشمان دەستپێکرد باوام زۆر قسەی لە ڕوو بوو هەرچی بهاتایەت بە دەمیدا نەیدەگەڕاندەوەو موراعاتی زۆر کەم بوو، کەوتیتە باسی قەڵەوی و زەعیفی و کچەکانی دادە عەینەش دوانیان دانیشتبوون یەکێکیان زەعیف بوو یەکێکیشیان هەندێك قەڵەو، باوام ڕووی کردە کچەکان و وتی بەخوا نە زەعیفی ئاواو نە قەڵەوی ئاواش دەستی بۆ هەردووکیان ڕاکێشا، ئیتر بوو بە پێکەنینێك وتم باوا خوا عەفوتکات تۆ هەر دووکیانت دا بە ئاوا، ئەوانیش زۆریان حەز لە دەمەتەقەی باوام بوو، دوای کاتی نوێژهات باوام دەستی کردە نوێژکردن و دواتر تەسبیحاتی ئەکرد، وتم باوا خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت (الا بذکر الله تطمئن القلوب) واتە بە زیکری خوای گەورە دڵت مورتاح ئەبێت، باواشم وتی قەسەم بەخوا ڕاسەکەیت من هەموو بەیانیە تا تەزبیحێك لا اله الا الله نەکەم دڵم مورتاح ناوێت، هەرێمی براشم لەولاوە پێئەکەنی ئەیوت باوا ئەوە قورئانە قابیلە درۆ بکات خۆ قسەی خۆی نی یە.

===

ڕۆشتین بۆ ماڵ کاکە نەجمەدین دیمەن خوای گەورە لێی خۆش بوو بێت، خۆی هات و قاپیەکەی بۆ کردینەوە، باواشم هەر ملی وەملاولادا ئەچەرخان و وتی ئەرە دیمەن کوانێ، دیمەنیش وتی مامە گیان ئەوە منم یەژی نامناسی؟ ئەویش بە سەرسامیەوە دەسی بۆ ڕاکێشاو وتی ئێسا ئەوە تۆ دیمەنی؟! ئەویش وتی ئا ئا خۆمم، ئەویش وتی ئەی خۆ وتیان باشیت! وتی ئەی باشم مامە گیان، باواشم وتی والله هیچ باش نیت خۆ یەژی لە قەورسانەکەوە هاتوویتەتەوە، تۆ جاران کپ خڕو سوروسپی و جوان ئەی ئێسە بۆ وات لێ هاتووە، من و هەرێمیش هەر هاوارمان ئەکرد کورە باوا بیکە خاتری خوا تۆ ئەوێ دڵی بدەیتەوە خۆ زیڕەت پێ کرد، ئەویش هەر پێ دەکەنی و دەیگوت باشم باشم.

===

وتی بۆ سەرێکی هۆشیار نەدەین لە ١٠٤ ئەوکات کاك هوشیار مودیری ١٠٤ بوو ئەوەندەی لەبیرم مابێت، وتمان باشە هەر ئێستە ئەچین، ڕۆشتین بۆ ئەوێ بە حەرەسەکەمان وتم دەمانەوێت کاك هوشیار ببینین، وتی کاکە نابێت و چۆن و چی و زۆر قسەی کرد! وتمان کاکە ئێمە ئەوەو ئەوە نازانین بڵێ بە کاك هوشیار خۆی، بڵێ میوانێکی وات هەیەو گوێ وە ئێمەش نادات! وتی دەی باشە، هەر تەلەفۆنی کرد وتی وە پەلە بیهێننە سەرەوە، دەمەتەقەیەکی خۆشمان کرد لەوێ باوام بڕێك سەری نیاوە سەری و وتی ئەگەر من نەوایەم ئێستە تۆ لەیرا دائەنیشتی... دوای گەڕاینەوە وتم باوا تۆ ئاوا خەڵك تەریق مەکەرۆ، وتی گێڕە گێڕ خۆ درۆ ناکەم.

===

کە ڕۆشتم بۆ هەندەران باپیرم لەگەڵ مامە یەسومدا (حاجی یەسو) عاجزیەکیان هەبوو، کە گەڕامەوە یەکەمجار بۆ کوردستان ڕۆژێك لە ماڵ مامە یەسوم دەعوات بووین لەگەڵ ماڵ باوکم و هەمووومان، ماڵی باوام و ماڵی مامە

یەسوشم نزیکن لە یەکەوە، لاماندا‌وە ماڵ باوام پێش ئەوەی بچێن بۆ ماڵ مامە یەسوم، هەندێك دەمە تەقەمان کردوو لە دڵی خۆمدا وتم: خۆ ئەمە فرسەتێکی چاکە بەڵکو ئاشت ببنەوەو ئێستە دەیبەم بۆ ماڵ مامە یەسوم، هەروا بە سادەی دەستم پێکرد وتم: باوا ئەحمەو گیان هەڵسە با بچین بۆ ماڵ مامە یەسوم؟ ئەویش وتی: بنەوە دەسم تا بچین، هیچی نەوت ئاسایی بوو! وتم خۆ قسەتان هەیە وە یەکۆ؟ وتی ئەیچۆن مەگەر برام نی یە، ئەوە تۆ یەژی چی! منیش وتم باوا حاجی یەسو پیاوێکی زۆر چاکە! وتی: چاك هەروا بێژی چاك! وتی پیاوی وەکو حاجی یەسو هەر نی یە! نەك لەبەر ئەوەی برای خۆمە، وتی: تۆ سەیر ئەو پیاوە بکە چەن موهیمە، عەرەبی نازانێت قورئان بە جوانی و دەنگێکی خۆش دەخوێنێت! لە ئێران نەژیاوە فارسی دەزانێت، هەر چوار زمانەکەی کوردی وەچاکی ئەزانێت بادینی و هەورامی و لوڕی و سۆرانی، وتی حاجی یەسو ئەوەنە موهیمە کەسێك هەبێت مێژووی کەسەکان بنوسێت، حەقە حاجی یەسو کتێبێکی چاکی لەسەر بنوسیت.. ڕۆشتین بۆ ماڵ مامە یەسوم و گەپێکی خۆشمان داو باوام و مامە یەسوم لە هەموومان خۆشتر مەجلیسەکەیان گەرم کرد.
هەرچەند عاجزی و ئەو شتانەش لە نێوان مرۆڤەکاندا هەبێت، گرنگە بەردەوامی نەبێت باپیرم بە نموونە.
===

## ئیسلام دینێکی ئاقڵە

ڕۆژێك لەگەڵیا دانیشتبووم هەر لە خۆیەوە وتی ئەزانی ئیسلام زۆر ئاقڵن و جولەکەو یەزیدی زۆر کەرن، وتم بۆ باوا هۆکارەکەی چی یە ئەو قسە ئەکەیت، وتی ئاقڵی ئیسلام لەوەدایە هەرکەس تەوبە بکات و بگەڕێتەوە قبوڵی دەکات، گویێ ناداتە ئەوەی لە ڕابردوودا چی کردووە، هەتا ئەوەنەش موهیمە یەژێ هەرچیشت کردووە قەیناکەو لە گوناحەکانیشی خۆش ئەوێت و قاپی بۆ ئەکاتەوە، بەڵام کەرێتی ئەوان لەوەدایە کەس وەرناگرن، بۆیە ئیسلام هەر لە بەرەوپێشچووندایەو لە ڕووسیاو ئەمەریکاوە خەڵکی تێت و دەوێتە مسوڵمان و ئەوانیش وردە وردە ئەپوکێنەوە.

===

## حەزی لە شیعر بوو

زۆر سەرسام بوو بە مەلا عبدالکریمی مودەریس و زۆر لە هۆنراوەکای لەبەر بوو.

===

زۆرجار دەچووم بۆ ماڵ باوام بە شیعر دەستم پیێ دەکرد، تا دڵیان خۆش کەم و بیر لە کێشەی سیاسی و مەشەقەی ژیان نەکەوە، کە بەداخەوە وەزعی خراپی سیاسی کاریگەری لەسەر هەتا زۆرینەی دانیشتنە ئاساییەکانی ناو عائیلەکانیش کردووە، باوام ئەحمەد هۆرێنی زۆر هۆنراوەو شتی لەبەر بوو، کە کاتی خۆی لە حوجرەو مەجلیسی کۆندا لەبەری کردبوو، کە من دەستم دەکرد بە شیعر وتن ئەویش ئیتر دەستی پیێ دەکرد.

===

## خۆت حەقی خۆت بسێنە

زۆرجار کەسێك کە ستەمێ لێ دەکراو خەڵك دەکەوتنە گلەی لە حکومەت و بۆ حەقی بۆ ناسەنێت و ئەو شتانە، باوام دەیگوت پیاوی خوێڕی چاوەڕێی حکومەت دەکات، کەسێك ستەمی لێ کردی خۆت بیگرە حەسیر مەدانی بکە.

===

## خۆشەویستی بۆ داربەڕوو

لە ناو باخەکەمدا، قەدەری خوای گەورە لە خۆیەوە دار بەڕویەك و دار خورمایەك تێیدا سەوز بووە، باوام ئەحمەد هۆرێنی زۆر زۆر دڵی بە بەڕوەکە خۆش بوو، هەرچی جار دەڕۆشتم بۆ ناوباخ و دەگەڕامەوە یان ئەوم لەگەڵ خۆمدا دەبرد دەهاتە شان و باڵی دار بەڕوداو واو وا موهیمە، بەڕوەکەش لای دار پرتەقاڵێکدا سەوزبوو لە بن سەکۆی حەوشەکەدا، شوێنەکەی موناسب نی یەو ئەگەر باوام نەبوایە هەر زوو هەڵم کێشا بوو، دایمە دەیگوت لە هاوینا گونێی بۆری لێ بپێچەو ئاگاداری بکە، وتم باوا ئەم بەڕوە چی یە کورە با لایوەم، وتی نا نا ڕۆژێك تێت ئەم باخ و خانوە هیچی نامێنێت وە تەنیا ئەم بەڕوە دەمێنێت و شایەتیت بۆ ئەدا ئەو زەویە زەوی تۆیە، خاڵۆ عەدنانیشم ئەیوت ئەوە نی یە کاتی خۆی هەوارە کوێر بووەتەوەو دار بەڕوەکان نەفەوتیاون وا بیر دەکاتەوە.

===

ڕۆژێك لە باخ گەڕامەوە هەواڵی دار بەڕوەکەی لێ پرسیم، نەنکەم ئەمنەشم وتی دەی باشە ئەحا تۆش بەڕو بەڕو والله هەڵی کێشە لایوە گوی تێکە، باواشم لایکردەوە وەلای نەنکەمداو وتی هەرکەس زەمی بەڕو بکات ناوێت تۆ زەمی

بکەیت! وتی دار بەڕو نەوایە عەشیرەتەکەی تۆ ئێستە یەك دنکی نەماوو لەسەر ئەرزا هەمووی مردبوو لە برسا، چوون قەدیم هەر نەبوو وون و بەڕوتان دەخوارد.
===

## زۆری حەز لە سواری سەیارە بوو

زۆر حەزی لە گەڕان و سواری سەیارە بوو! دەیوت ئەگەر ئێوە بەردەوام بمگەڕێنن من نامرم! ئیتر هەرکەس پیا بگەیایە ئەیگەڕان، ڕۆژێك هەردی برام بردبووی بۆ سەرتەك، سەرتەکیش بەرەو ژورکەیەکی سەختەو سەیارەی باشی گەرەکە، سەیارەکەی هەردیش زۆر قاچوقولی ئەو بەرەوە ژورکەی پێوە نەبوو بوو، تەکانی دابوو یەك دوو جار کوژابوویەوە هاواریان کردبوو یا اللە فریامان بکەوە، ئێ کاکە سەرتان نەیەشێنم یەك دووجار ئیستۆپەکەی باش نەیگرتبوو ترسابوون گل ببنەوەو هاواریان کردبوو خوایە گیان هاوارە، ئیتر فەقیرە باوام هەر فریای لالانەوەو هاوارکردنە خوا بوو بوو سەرتەکی هەر لە بیر نەمابوو. دوای گەڕانەوەیان هەردی وتبووی ان شاء اللە ماوەیەکی تر سەیارەیەکی باش دەسێنم، باواشم وتبووی واللە ئەم سەیارە زۆر باشەو قەت مەیفرۆشەو با هەر ئەمەت بوێت، هەردیش سەری سوڕمابوو وتبووی باشە باوا بۆ؟ خۆ ئەم سەیارە داشقەیەکەو بەس، ئەویش وتبووی ئاخر ئەگەر ئەم سەیارەت ببێت قەت خوات لەبیرناچێت، ئەوەتا ئێمە لە بەیانیەوە هەر ئەلالێینەوە لە خوا، ئەمە بۆ ئیمانەکەت باشە.
===

## دەروێش و لە خۆدان و داهێنان

ساڵی ۹۰ بوو ماڵمان لە نصر بوو، ئەو ماوە دەروێش و لە خۆدان و بەزم گەرم بوو، هەروا دەروێش و خۆی ئەخستە قوڕو کارەبایان ئەدا لە خۆیان و قوربان زۆر لەسەری نەڕۆم شەمع و گڵۆپ و بزماریان ئەخوارد! جا ئەو هەموو شتەشیان ئەخوارد کەچی دواتر نانیش بەرگەی نەدەگرتن نازانم ئاسن چۆن هەزم ئەکەن. ئیتر هەرکەسێك و وە شێوەیەك لێکی ئەداوەو بە گشتی خەڵك ساویلکە بوو دەیانگوت کاکە والله ئەمانە زۆر موهیمن و ئەوەتا شەمع و گلۆپ ئەخۆن، باواشم ئەحمەد هۆرێنی وتی: کورە ئەگەر ڕاسەکەن شەمعێك یان گڵۆپێك دروست بکەن ئەم کەرام باوگاوانە هەر خەسار ئەدەن.
لە ئیسلامدا هیچ دەقێك نی یە گرنگی و ڕاستی و ئەو شتانە بسەلمێنێت.
===

## مزگەوت دروستکردن

لە مەجلیسا دانیشتبووین و بەدەور باوامدا ئەحمەد هۆرێنی و دەمەتەقە گەرم بوو، باس هاتە باسی ئەو کەسانەی کە مزگەوت دروست دەکەن و دەیکەن بەناوی خۆیانەوە! خەڵکەکە زۆرینەی دەیانوت والله برا ئەگەر لەبەر خوایە حەق نی یە مزگەوت بکەیت بەناوی خۆتەوە، ئەوە دیارە لەبەر خۆیانەو بۆ رووپامایيە، باواشم وتی خۆزگە منیش پارەم بوایەو مزگەوتێکم بکردایەتەوەو بمکردایەت وەناوی خۆمەوە مزگەوتی ئەحمەد هۆرێنی، خەڵکیش وتیان دەی والله ئەوە لەبەر ڕوپامایيە! وتی هەر لە خوارەکەشیەوە دەمنوسی هەر لەبەر ڕووپامایش، وتی کورە خۆزگە من مزگەوتێکم بکردایەتەوە ئیتر هەرچی یەژن با بێژنی.

## چاوەنەترسی

باپیرم ئەحمەد هۆرێنی زۆر چاونەترس بوو، لە سەردەمی بەعسیشدا زۆر کەس ئاگاداری پێ ئەدا کە ئاگای لە خۆی بێت و ناکرێت ئەوا جوێن بە بەعس بدەیت بە ئاشکراکە بەعس شەرم و بەزەیی نی یە. جارێك بۆ بەغا ئەچێ لە ڕێگەی کابرایەکی عەرەب لە پاڵیا دائەنیشێ و لە ڕێگە زۆر بە وردی سەیری باوام ئەکات، ئەویش گوێی ناداتێ، کابرا هەر زۆر بە تاسەوە سەیری ئەکات ئەم هەر هیچ حسابی بۆ ناکات، تا دەداتە سەر ڕانیاو دەڵێ کاکە کاکە کاتی خۆی من جوندی بووم لەگەڵ پێشمەرگەدا کەوتووینەتە شەڕەوەو لەو شەڕەدا کابرایەك دای لێم و ئێستە شەلم هی ئەو لێدانەیە، جا ئەو کەسە کە دای لێم بەباشی بینیم و تۆیت! ئەویش دەڵێ نا کاکە من نیم! ئەویش دەڵێ ئاخر کاکە من مەعاناتم هەیە بەم دەردەوەو ئەو کابرام لەبیر ناچێت چوون سەقەتی کردووم! ئەویش دەڵی نا نا کاکە تەئکید بە لەوەی من نیم! ئەویش دەڵێ برا من زۆر تەئکیدم لەوەی کە تۆیت! بەڵام تۆ وەچیا ئەزانی کە خۆت نیت؟ ئەویش یەژێ ئاخر من دابێتم لە هەرکەسێك ڕاست نەبووەتەوەو هەر لەویا مردووە! مادام تۆ ماویت ئەوە دەلیلە لەسەر ئەوەی کە من نیم! کابراش بێ دەنگ دەبێت و دەترسێت و وا ئەزانێ ئەم پشتێکی گەورەی هەیە وا بەو جورئەتەوە قسە ئەکات...

===

## من حەق وم خوام لە پشتە

جارێك لەگەڵ ماڵێکدا بەشەڕ هاتبوون، ڕۆژێك گەشتبوو بە ئیدرسی برازای و وتبووی پێی باشە ئیدریس ئەو ڕۆژە ئێمە شەڕمانکرد تۆ بۆ نەهاتیت لەسەرمان

بکەیتەوە، ئەویش وتبووی ئێ مامە زانیم ئێوە لەسەر حەق نین بۆیە نەهاتم، ئەویش پێی وتبوو ئاخر منیش ئەزانم ناحەقم بۆیە تۆم گەرەکە، ئەگەر من حەق وم خوام هالە پشت تۆم بۆ چییە.

===

## ناو گۆڕینی شوانەکەی باوکم لەلایەن باپیرمەوە

باوکم ئاژەڵدارەو بەردەوام پێویستی بە شوان و بەخێوکردنی ئاژەڵ و باخ و ماڵەکەی گوند دەبێت.

ئێستە هەتا لەم قەیرانەشدا خۆ کەست دەست ناکەوێت ئەو کارانە بکات! هەربۆیە ئەوە ساڵانێکی زۆرە تەنها سود لە عەرەبەکان وەردەگیرێت، جا ئەوانیش کەمجار ڕێت لە کەسی باشیان دەکەوێت!

جارێك شوانێکی هێنا باوکم شوانەکە ناوی سەگبان بوو! باپیرم ئەحمەد هۆرێنی وتی: ناوت چی یە؟ ئەویش وتی سەگبان!

باپیرم وتی: لێرە مەڵێ ناوم سەگبانە، دواتر منداڵ دوات ئەکەوێت و پێت دەڵێن سەگباب!

هەر لەوێدا باپیرم ناوی نا سەلمان و تا لامان بوو هەر بە سەلمان بانگمان دەکرد.

کابرا زۆر خراپ بوو، هەرکە میوانمان بڕۆشتایە داوای پارەی لێ دەکردو ئیحراجی ئەکرد، شوانیەکەی زۆر بە خراپی دەکرد، کارێکمان لێهات بە دەستیەوە تا نەجاتمان بوو لێی وا بزانم باوکم مەڕێکیشی کرد بە خێر.

وتم بەخوا شایەنی ئەو ناو گۆڕینە نەبوو، دەبوایە هەر بەناوەکەیدا بمانزانیبا ئەوە سەگبان نی یە بەڵکو سەگبا... توخوا منداڵ ئاوا بەخێو ئەکرێت.

===

## تووڕەبوونی لە بارزانی

ئەو کابرا لەو بانە لەگەڵ تورك و عەرەب و فارسدا ڕێکەوتووە! تەنها لەگەڵ کورددا ڕێناکەوێت!

===

## هەندێك وتەی لەبیرنەکراوی

گەر جولەکە خەڵکی وەربگرتایە بە جولەکە هەرچی سەرکردەی عەرەب هەیە دەبوون بە جولەکە.

===

هیچ دینێك نی یە وەك ئیسلام ئاقڵ بێت، ئاقڵیەتیەکەشی لەوەدایە هەرکەس بێتە ناو ئیسلامەوە قبوڵی دەکات و چاوپۆشی لە ڕابردووی دەکات.

===

ئەوەندە تاوان بەناوی خوای گەورەوە دەکرێت خوایان کردووەتە موجریمێك نەك خوایەکی بە بەزەیی بۆیە باپیرم ئەحمەد هۆرێنی ناحەقی نەبوو لە وەڵامی ئەوەی بۆچی خوای گەورە نابینێرت ئەویش وتی: ئەگەر ببینرایە لە ئینتیفازەکەدا تیکە تیکەیان دەکرد!

===

هەندێك کەس بە ڕواڵەت پیر دەبێت بەڵام بە گەنجی لە ناخی دەوروبەردا دەمێنێتەوە، هەرکەس باسی باوا ئەحمەدم دەکات هەر باسی سەردەمی گەنجی و شۆڕشی شاخ و تواناو چاونەترسی بەرانبەر بەعس دەگێڕێتەوە.

===

# پێشەکی چاوپێکەوتنێکی تایبەت بە دەریای نوور لەگەڵ ( ئەحمەد هۆرێنی )

زۆرن ئەوکەسانەی ماندوو بوونیان نەناسیوە لە ژیانیاندا، زۆرن ئەو کەسانەی بەرژەوەندی خاك و ووڵاتیان خستۆتە پێش بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە، زۆرن ئەو کەسانەی هەموو هەوڵێکیان لەکاردا بووە لە پێناو سەربەرزی و سەربەخۆی ووڵاتەکەیاندا، زۆرن ئەو کەسانەی خۆیان لەبیر کردووە بۆ کەسانی تر، زۆرن ئەو کەسانەی هیچ شتێکیان لا نەگونجاو نەبووە لە پێناو گەل و ووڵاتەکەیاندا، زۆرن ئەو کەسانەی هەردەم خەویان بە ئازادیەکانی ووڵاتەکەیانەوە بینیوە، زۆرن ئەو کەسانەی خەویان لە خۆیان زڕاندبوو لە پێناو خەوێکی ئاسودەی هاوڵاتیانیدا، زۆر ئەو کەسانەی ئەندامەکانی جەستەیان بوونە قوربانی و هەر بەکەمیشیان زانی لە پێناو ووڵاتەکەیاندا، زۆرن.....زۆرن.....

یەکێك لەو کەسایەتیە ناودارانەی بناری بەمۆو ناوچەی هۆرێن و شێخانی سەربە ناحیەی مەیدان کە هەموو ئەوانەی باسکران بەبڕوای ئێمە هەموو ئەو خەسڵەتانەو زۆرێکی تریشی تێدا بووە بەگەواهی هاوڵاتیانی ناوچەکە بەڕێز ئەحمەد هۆرێنی هەر بۆیە پێمان باش بوو سەردانی بەڕێزیان بکەین و لە نزیکەوە گوێمان لە بەڕێزیان بێت بە نیشاندانی لاپەڕەیەك لە مێژوو وە لەو ڕاستیانەی کە تا ئێستە نەخراونەتە سەر کاغەزو وە زۆر کەس لێیان بێ ئاگان، هەروەك چۆن بڕواشمان وایە کە زۆر کەموکوڕی کراوە لەلایەن خۆمانەوە ئەویش بە لەدەستدانی زۆرێك لەو زانیاریانەی کە لەلایەن هاوشێوەکانی وەك ئەحمەد هۆرێن یەوە تێداچوون و وە زۆرێکمان ئێستەش داخی بۆ دەخۆین، وە ئێستە ناچار دەبین زۆر جار پەنا بۆ کتێبە بیانیەکان ببەین بۆ دەستخستنی ئەو زانیاریانە لەکاتێکدا پیشتر لە بەردەستی خۆماندا بووەو بەڵام بەهۆی پشتگوێ

خستن و هەست نەکردن بە بەرپسیارێتی لەناو چوون، هەموو ئەم ووتانە ئێستەش زەنگێکە بۆمان کە ئێستەش دەگونجێ کاری پێ بکرێ و ئەو هەلانەی کە لەدەستمان داون لەم بوارانەدا چیتر لەدەستیان نەدەین، هەر ئەوەش بوو وای لە ئێمە کرد کە هەستین بەم کارە بە ئومێدی زیادکردنی لاپەڕەیەك لەو مێژووەی کە وون بووە. وە ڕوومان کردە بەڕێزو شۆڕشگێڕ ئەحمەد هۆرێنی بەکۆمەڵێك پرسیارەوە.
وەڵامەکانی لە ئەرشیڤی ڤیدیۆکاندا پارێزراوە

## کۆتایی:-

ژیانی پیاوێکی وەك ئەحمەد هۆرێنی زۆر لەوە گەورەترە لە چەند پەیجێکدا جێگەی بێتەوە، کورد جوانی وتووە مشتێك لە خەروارێك، تەنها وەك بەبیرهێناوەو مانەوەی هەندێك لەو یادەوەریانە ئەوەندەمان بۆ تەسکینی دڵ نووسی، دەکرێت ژیان و داستانەکانیشی بە شێوەیەکی دوکومێنتاری کۆبکرێتەوەو وەك ئەزموون و ژیان و خەبات سودی لێ وەرگیرێت.

# لە ئەرشیفی وێنەکاندا




چاوپێکەوتنی لە کەناڵی نەورۆز



ڕێزلێنانی لەلایەن بەڕێز حمید سۆران کادیری یەکیەتی نیشتمانی کوردستان



**سەردانی لەلایەن مامۆستا محمد، هاوڕێی شەهید بابان و کادیری یەکیەتی نیشتمانی کوردستان**



**لەگەڵ م کامەران بابانزادەداو گفتوگۆی گەرم لەسەر مێژووی کورد**



لەگەڵ کارمەندانی ڕاگەیاندندا لە خانەقین دوای چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی



باوکم لە دەستی ڕاستمەوە، ئەحمەد هۆرێنی هەرێمی برام



له کەشێکی ئارام و خۆشدا لەگەڵ ئەحمەد هۆرێنی و خێزانیدا




سەردانی مامۆستا ناسیح مەلا حەسەن قایمقامی دەربەندیخان بۆ لای ئەحمەد هۆرێنی

لەسەردانمدا بۆگوندی هۆرێنی سەربەرز بۆ خزمەت یەکێک لەکەڵە پیاوەکانی بناری بەمۆ کاک ئەحمەد هۆرێنی کە بەداخەوە تەندروستی باش نیە. کاک ئەحمەدی پێشمەرگە لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەرو خەباتگێڕە، باوکی شەهید


بابان كە لە قەسابخانەكەی موسڵ لە گەڵ پۆلێک تێكۆشەردا لە سێدارەدران ، لەهەمان كاتدا مامی چوار شەهیدە. ٢٠١٧/٠٣/١١





ەراسیمی بەخاكسپاردن



## وێنەو دوکومێنتی بابان ئەحمەد هۆرێنی پێش لە سێدارەدانی







# پێڕست


پرسەنامەی مەکتەبی سیاسی بۆ کۆچی دوایی ئەحمەد هۆرێنی.................................. ٣

پرسەنامەی سەرۆکایەتی گشتی کەچەکە.................................. ٤

هەندێك لە یادەوەریەکانی باپیرم ئەحمەد هۆرێنی.................................. ٦

سیفەتی جوان، دانپێدانان و گەڕانەوەی ماف.................................. ٧

لە داخی عەلی ڕۆژی ١٠٠٠ جار یەژم استغفرالله.................................. ١٠

لە دوای پێغەمبەر پێغەمبەر بهاتایە مەلا کرێکار بوو.................................. ١٠

خواردن و نەبوونی وەعی سەحی و کەلتوری کوردی.................................. ١١

یەکتر بینین و موجامەلەی کۆمەڵایەتی.................................. ١٣

کەسێکی بەرژەوەند خواز نەبوو.................................. ١٤

زۆر پەلە بوو لە کارەکانیدا.................................. ١٥

یەکیەتی و پارتی هەردوولا ڕێزیان لێ دەگرت.................................. ١٦

خەوبینین و گرنگی دان پێی.................................. ١٧

پیاوانی ئاینی خۆش دەویست.................................. ١٩

شیعە نە دینە نە مەزهەب.................................. ٢١

ژیان لەناو شیعەدا.................................. ٢٤

قۆچ کردن.................................. ٢٥

کورد لە شەڕدا دەیباتەوە لە ئیدارەدا ئەیدۆڕێنێ.................................. ٢٦

گرنگی سیلەی ڕەحم.................................. ٢٦

ئیسلام دینێکی ئاقڵە.................................. ٣٠

حەزی لە شیعر بوو.................................. ٣٠

خۆت حەقی خۆت بسێنە.................................. ٣١

خۆشەویستی بۆ داربەڕوو.................................. ٣١

زۆری حەز لە سواری سەیارە بوو.................................. ٣٢

دەروێش و لە خۆدان و داهێنان.................................. ٣٢

مزگەوت دروستکردن.................................. ٢٢

چاونەترسی.................................. ٣٤

من حەق وم خوام لە پشتە.................................. ٣٤

ناو گۆڕینی شوانەکەی باوکم لەلایەن باپیرمەوە...... ٣٥
تورەبوونی لە بارزانی...... ٣٦
هەندێك وتەی لەبیرنەکراوی...... ٣٦
پێشەکی چاوپێکەوتنێکی تایبەت بە دەریای نوور لەگەڵ ( ئەحمەد هۆرێنی)...... ٣٧
کۆتایی...... ٣٨
لە ئەرشیفی وێنەکاندا...... ٣٩
وێنەو دوکومێنتی بابان ئەحمەد هۆرێنی پێش لە سێدارەدانی...... ٤٤

ژیانی پیاوێکی وەك ئەحمەد هۆرێنی زۆر لەوە گەورەترە لە چەند پەیجێکدا جێگەی بێتەوە، کورد جوانی وتووە مشتێك لە خەروارێك، تەنها وەك بەبیرهێناوەو مانەوەی هەندێك لەو یادەوەریانە ئەوەندەمان بۆ تەسکینی دڵ نووسی، دەکرێت ژیان و داستانەکانیشی بە شێوەیەکی دوکومێنتاری کۆبکرێتەوەو وەك ئەزموون و ژیان و خەبات سودی لێ وەرگیرێت.



# پیاوێك لە دڵی ناوچەکەیدا

# ئەحمەد هۆرێنی

## پەیامی خەبات و تێکۆشان


د.عومەر عەلی



٢٠١٨

زنجیرەی
١٤

ISBN 978-168454167-6